سبەی کەشوهەوا ساردتر دەبێت



دەستەی گشتیی کەشناسی عێراق پێشبینی کرد، سبەی سەرەمە کەشوهەوای ناوچەکان بەراورد بە ئەمڕۆ ساردتر بێت، هەروەها پلەی گەرمی شارەکانی هەرێمی کوردستان خوار سفری سیلیزی بێت.

کەشناسی عێراق پلەکانی گەرمای پێشبینیکراوی شارەکانی هەرێمی کوردستانی بەمشێوەی خوارەوە باو کردووە:

هەولێر: (-5) پلەی سیلیزی

سلێمانی: (-6) پلەی سیلیزی

دهۆك: (-5) پلەی سیلیزی

کەرکووك: (-2) پلەی سیلیزی

کەشناسی هەروەها رایگەیاند، لە بەشێک لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پلەکانی گەرما بە خوار سفری سیلیزی دادەبەزێت، لەوانە (بەغدا، نەینەوا، سەڵاحەدین، دیالە، ئەنبار و واسیت).